سەرۆکی حکیم لە میوانخانەی هێزی ئوڵبو مەرعی لە ڕەمادی : فریای هێزی عێراق و بەشداریکردنی ژیرانە لە هەڵبژاردنەکان بەرپرسیارێتیەکی نیشتمانییە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەمیانەی سەردانەکەی بۆ پارێزگای ئەنبار بوو بۆ میوانی هێزی ئەلبوعەلی و لەوێ لە میوانخانەی شێخ ئەرکان تەرمور ئەلمەعاوی لە شاری ڕەمادی چاوی کەوت بە کەمەرەك شێخ و پیاوماقوڵانی پارێزگاکە.
لەم دیدارە بەڕێز حەکیم گرنگی فریای ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و عەشایەری لە عێراقی و جەختی کردەوە لەسەر ئینتیمایی ڕاستەقینەی کە پێویستە لەسەرەتا و کۆتایی بە نیشتمتان بێت داواشی کرد پێوەندی نێوان پێکهاتەکان پتەوتر بکرێت و قووڵ بێت دوور لە ئامانجی سیاسی یان هەڵبژاردن و ڕووبەڕووبونەوەی کە سەردانەکانی بۆ پارێزگاکان بۆ ئەوەی خەڵك بەسەر بکاتەوە و تا لە نزیکەوە ئاگاداری کێشە و قەیرانەکانیان بن و کار لەسەر چارەسەرکردنی بکەن، گوتیشی دەخی ئەمنی پێشووی پارێزگای ئەنبار یەکەك بوو لە هەکارەکانی سەردانەکانی پێشوو.

سەرۆکی حکیم ستایشی دەخی ئاسایش و سەقامگیری و پێکەوەژیانی کەمایەتی لە ئەنبار و بزووتنەوەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پارێزگاکەی کرد و جەختی لەسەر گرنگی یەکخستنی ڕیزەکان و پاراستنی بەرەی ناوخۆ و دەرەوە و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو گوتارانە کرد کە هەوڵی چاندنی دووبەرەکی لە نێو خەڵکدا دەدەن.
داواشی کرد پێند لە ئابردوو وەربگرن و تێیدا نوقم نەبن، هەروەها تێکیدی لەوە کردەوە کە پێویستە لەسەر ئەو دەستکەوتانەی سەقامگیریی بەدەستهاتووە بنیات بنرێت و کار بۆ گەڕینی بە سەقامگیریی هەمیشەیی بکرێت و هیوای خواست هەڵبژاردنەکانی داهاتوو یارمەتیدەر بێت بۆ پتەوکردنی ئەو سەقامگیرییە، ئاماژەی بۆشکرد کە یاسای نوێی هەڵبژاردن هاوسەنگییەکی لەنێوان دەنگ و کورسییەکاندا بەدیدەهێنێت بۆ پێچەوانەی یاسای 2021 کە جیاوازییەکی ئاشکرای دروستکرد.
هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کابەریانەی عێراق ڕووبەڕووی بووتەوە، بۆتایبەتی تیرۆر، بڕگری نەتەوەیی لە دژی تونددەوی دروست کردووە و یارمەتیدەر بە بەرزکردنەوەی بەهای میانەوی..
سەبارەت بە کاروباری ئابووری بەڕێز حەکیم ئاماژەی بۆدا کە دابەزینی نرخی نەوت عێراق دەخاتە بەردەم ئاستەنگی دارایی ڕاستەقینە بۆ ئەوەش پێویستە بابەتی پشت بەستن بە نەوت وەك تاکە سەرچاوەی داهات دۆکات چارەسەر بکرێت و چیتر بەم شێوەیە نەبێت، هەروەها داوای بوژاندنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و تەکنەلۆژیا و وەبەرهێنانی کرد.

لەکۆتاییدا، سەرۆکی حەکیم قسەکانی خۆی تەواو کرد و باسی گرنگی بەشداری کردنی بەرفراوان و ژیرانەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کرد، داواشی لە هاوڵاتیان کرد کە بڵیتی بایەمتری خەیان تازە بکەنەوە و بەباشی نوێنەرانی خەیان دیاری بکەن و لەبەر ئەوەی دەنگی هەڵبژاردن ئەمانەتە و شەهادەیەکە کە دەبێت بەو کەسە بدرێت کە شایستەیە، دواشی کرد سوود لە ئەزموونی پێشوو وەربگرن بۆ ئەوەی داهاتوێکی باشتر بنیات بنێن.